کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-2-2007 1:52 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

rahim. rashidi@gmail. com

## دووی ڕێبەندان ئەزموونێک بۆ هەمیشە! ... ڕەحیم ڕەشیدی



ئاشکرایە، 2ی ڕێبەندان لە مێژووی دوورو نزیکی خەڵکی کوردستان‌دا، جێگاو شوێنێکی تایبەتی هەیە. کۆماری کوردستان لە هەلومەرجێک‌دا پێک هات، فاشیزم لە شەڕی دووهەمی جیهانی‌دا تێکشکێندرا بوو، هێزی هاوپەیمانان‌و لەشکری سوور لە باکور، باشورەوە بە بێ هیچ چەشنە بەربەرەکانەیەک بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێرانیان داگیر کرد بوو، ئەوە لە حاڵێک‌دا بوو کە ڕژیمی پاشایەتی ئەوکات، بە هەموو تواناوە هەر دەنگێکی ئازادی خوازانەی گەلانی ئێرانی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرد.

دامەزراندنی دەوڵەتی جمهوری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە پێشەوایەتی قازی موحەممەدو پشتیوانی هەمە لایەنەی گەلی کورد، لە حاڵێک‌دا بوو بزوتنەوەی خەڵکی کورد لە بێ ئاسۆی‌دا بوو، دەوڵەتی تورکیە بەرێبەرایەتی "ئەتا تورک" بزوتنەوەی کوردی لە تورکیە سەرکوت کردبوو، دۆخی تواندنەوەو سڕینەوەی ناسنامەی کورد بە چڕی لە ئارادا بوو. تەنانەت لەم بەشە گرینگەی کوردستان‌دا، حاشای لە بوونی نەتەوەی کوردمان دەکرا.

دەوڵەتی سەرەرۆی پەهلەوەی، بە لاسایی کردنەوەی کوێرکوێرانە لە دەوڵەتی تورکیە، هەوڵی خۆ پڕ چەک کردنی دەدا، هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا، بە شێوەیەکی سیستەماتیک زمان، کولتوور، کەلەپووری کوردیان دایە بەر سیاسەتی تواندنەوە. لە هەلومەرجی ئەوکات‌دا وەزعی کوردەکان لە سوریە، عێراق لە بارودۆخی نالەباری ژیانی کوردەکان لە ئێران‌و تورکیە باشتر نەبوو.

بەدامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد، لە سالی 1324ی هەتاوی‌دا، ئەم بەستەڵەکانە شکێندرا، بزوتنەوەی کورد گیانی بەبەردا کرایەوە، کورد لەباری دەرونی‌و ڕەوانی‌یەوە ورەی وەبەرهاتەوە، زمان، شانۆ، خوێندن، گۆڤارو رۆژنامە، بنکەو بونیادە پیشەیی‌و دێموکراتیکەکان، گەشەیان سەندو دامەزران. بەشێکی زۆر لە گەورە ئەدیب، نووسەر، زمانەوان، سەرکردە ناودارەکانی کوردستان، ئەوانە بوون لە کۆماردا بەشدار بوون، بیری نەتەوەخوازی خۆیان لە کۆماری کوردستان؛ وەرگرت. دوایەش بە تێکۆشانی بەرچاویان بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان بوونە جێگای شانازی نیشتمان پەروەران.

بۆ یەکەم جار رێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان، ژنان دامەزران‌و زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان. سەرەڕای ئەوە کورد ئەزموونی دەوڵەتداری نەبوو، بەڵام لە ماوەی 11 مانگ دەسەڵاتی‌داریەتی کۆماردا، زۆر پێشکەوتنی دێموکراتیک‌و نەتەوەیی وەدی هاتن. دابین کردنی مافی نەتەوایەتی بۆ کوردەکان لە ژێر سێبەری کۆماری کوردستان‌دا، قەت نەبووە هۆکاری بەرتەسک بوونەوەی دێمۆکراسی‌و پێشێل کردنی مافی خەڵکانی غەیرە کوردی نێشتەجێی کوردستان، ئەمەش ئاکامی سیاسەت‌و ڕوانگەی دوروستی ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستان بوو، یەکێک لەو خاڵانەیە کوردەکان زۆری پێوە سەربەرزن. پەیوەندی کوردەکان لەگەل دراوسێکان بۆ وێنە ئازەرییەکان کە بەرێبەری پێشەوەری فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیان پێکهێنا بوو، لە ژێر ڕێبەری پێشەوای حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، سەرۆک کۆماری ئەوەڵین دەوڵەتی مودێرنی کورد، هاوپەوندیەکی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دۆستانە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دوولایەنە هاتە ئاراوە، کە بۆ پێکەوە ژیانی ئەم دوو گەلە هاوچارەنووسە، دەکرێت هەمیشە پڕ بایەخ بێت.

ناکرێت باسی کۆماری کوردستان بکەین، بەڵام ئاوڕێک لە ڕۆڵی دلێرانەو ئازایانەی بارزانییەکان بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی نەدەینەوە. ڕۆڵێک کە وەکوو هاوپەیوەندی نەتەوەیی، جێگای شانازی کوردانی نیشتمانپەروەرە. بارزانییەکان بۆ پاراستنی کۆمارو دەستکەوتەکانی لە هیچ چەشنە فیداکارییەک خۆیان نەپاراست. بەحەق ڕێبەرایەتی کۆماریش حیسابی خانەخوێی بۆ کردنو لە بەڕێوەبەری کۆماردا بە گوێرەی لێوەشاوەیی بەشدار بوون. حوزوری ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکانی ئەوکاتی سوپای عێراق، نوێنەرایەتی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆمار لە مەهاباد، مانای یەکیەتیی نەتەوەیی دەسەلماند، نیشاندەری ئەو ڕاستییەشە، کۆماری کوردستان نوێنەگەی ئاواتو خواستەکانی بزوتنەوەی کوردو خەڵکی ئازدیخوازی کورد بووە.

ئێمە لە حالێکدا یادی تێپەڕبوونی 61 ساڵ بەسەر ڕووداوی مێژوویی 2ی ڕێبەنداندا دەگرین، کە ڕۆڵە وڵاتپارێزەکانی کورد لە هەموو جێگایەک، بۆ وەدیهێنانەوەی ئاواتو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان تێدەکۆشن.

لە دەرەوە بە گشتیی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، سەرەڕای هەبوونی سەدان کەس لە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان، خەڵکی کورد لە ئیلامو کرماشانەوە بگرە، تاکوو سەڵماسو ورمێ، لەژێر سێبەری سەرەنێزەو تفەنگدا یادی دووی ڕێبەندانو پێشەواو کۆماریان بەرز ڕاگرت. دەیان کەس لە ئەویندارانی ڕێگای پێشەواو کۆمار ڕۆژی 2ی ڕێبەندان لە شاری مەهابادی خۆشەویست، پێتەختی مێژوویی کۆماری کوردستان، چوونە سەر گڵکۆی پێشەوای نەمرو شەهیدانی کۆمارو پەیمانی وەفاداریان لەگەڵ ڕێبازەکەیان نوێ کردەوە، ئەمە لە حاڵێدا بوو کە کاربەدەستانی ڕژیم پێشتر ڕایگەیاندبوو کە کەس نابێ ئەو کارە بکات. ئەم هەستە پیرۆزەییە کە سەرتاپای ئێران بە گشتیی، کوردستانی ئێرانی بە تایبەتی کردۆتە مەیدانێکی پانو بەرینی تێکۆشانی شۆرشگێرانە، دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

جێگای سەرنجە زۆربەی لاوان لە چالاکی دژی ڕژێمدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەشدارن، ئەو لاوانەی کە پاش هاتنە سەرکاری ڕژیمی ئایەتولاکان لە ئێراندا، لە دایک بوون؛ ئەوانەی کە ڕژیمی ئیسلامی لە ماوەی 27 ساڵی ڕابردوودا لە ژێر بۆمبارانی فیکریو ئیسلامی خۆیدا پەروەردەی کردوون، ئەمڕۆ لەگەڵ پێوانەو باوەڕەکانی ئەم سیستەمو دەسەڵاتە بەتەواوەتی ناتەبان، لاوانێک کە لە حەشیمەتی 70 میلیۆنی ئێران 70%تەمەنیان ژێر 30 ساڵە، ژنان 51% ئەم حەشیمەتە پێک دێنن کە لە هەموو ئازادییەک بێبەشن. کەواتە دەوڵەتی ئیسلامی لەمبارەشەوە ڕەنج بەخەسارە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.